www.kurdistannet.org
29-3-2006 23:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پەیامی پارتی سەربەستیی کوردستان بە بۆنەی 10 خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

هاوڵاتیانی بەڕێز!
خەڵکی تامەزرۆی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!
59 ساڵ پێش، لە بەرەبەیانی ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ساڵی 2647 کوردی، یەکەم سەرۆک کۆماری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەنابی پێشەوا وهاوڕێیانی حەمە حسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی، بە تاوانی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی لە سێداره دران.
هەموو گەلانی ئەم جیهانە شانازی بە کەسێک یا کەسانێک لە مێژووی خۆیان دەکەنەوە کە توانیویانە وڵاتەکەیان لە ژێر چنگی داگیرکەران ڕزگار بکەن. نەتەوەی کوردیش خاوەنی چەندین کەسایەتی مێژووی یە کە شانازیان پێوە دەکات، یەکێک لەو کەسایەتیانە جەنابی پێشەوا قازی موحەمەدە کە توانی گەلی کورد لە ژێر دەسەڵاتی نگریسی پاشایەتی ڕزگار بکات ولەبەشێک لە خاکی پیرۆزی نیشتمان دا کۆماری کوردستان پێک بێنێ. کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی مهابدا بووە، هیندێک لە مێژوو نووسان ناشیانە یا بە ئەنقەست پێی دەڵێن کۆماری مهاباد، سەرۆک کۆماری کۆماری کوردستان کە لە ڕۆژی 10ی خاکەلێوەی ساڵی 2647 کوردی لە سێداره درا، دواتر ئەو ڕۆژە لە لایان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەک و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناسراوە. هەر بەو بۆنەشەوە گەلی کورد هەموو ساڵێک وەک سەرۆک کۆمارێکی کورد یادی دەکاتەوە،
جەنابی پێشەوا وەک کەسایەتی یەکی ئایینی ناودار لە شاری مهاباد، سەرەتا لە ریزەکانی کۆمەڵەی
ژ ک وپاشان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان درێژەی بە خەباتی کوردایەتی دا.
بەرهەمی تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ ک و پاشان حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەوە بوو کە لە2 ی ڕێبەندانی ساڵی 2646 کوردی کۆماری کوردستانیان پێک هێناو جەنابی پێشەوایان وەک سەرۆکی کۆمار ی کوردستان دیاری کرد.
دوایی 11 مانگ تەمەنی پڕ لە شانازی و پێشکەوتنی خەڵکی کوردستان لە گشت بوارێکدا، بە داخەوە کۆماری کوردستان جوانەمەرگ کرا،
پێشەوای مەزن لەبەر ئەوەی کارەسات ڕوو نەدا و خەڵکی کوردستان تووشی کوشت کوشتار نەبن، کوردستانی بە جێ نەهێشت و خۆیی دابە دەستی هێزی داگیرکەرانی کوردستان، پاش ساڵێک بە ڕواڵەت دادگایی کردن و بەرگری و قارەمانانەی پێشەوای کەم وێنە، کە پیاوانی ئەو کاتی دادگا نەیانتوانیوە لە نووسینی بیرەوەری خۆیان قارەمانی ئەو کەڵە پیاوەی کورد نەنووسنەوە، ئیستا لە کتێبی بیرەوەری چەند کەسێکی ئەوکاتی حکومەتی پاشایەتی باسی قارەمانی پێشەوای تێدایە، سەرئەنجام سەرۆک کۆماری کوردستان بە تۆمەتی ئەوەی کە وڵاتێکی جیاوازی دروست کردوە، هەروەها بە تۆمەتی ئەوەی کە بێگانەی هێناوەتە ناو خاکی ئێران واتە جەنابی جەنەراڵ بارزانی وهەڤاڵانی و جەند تاوانی دیکەی ناڕاست حوکمی لە سێدارەدانی درا.
کەسایەتی پێشەوای مەزن زۆرجێگای ڕێز و پێزانینە. زۆر بە داخەوە لەوەی کە هیندێک کەس ئیستاش وەک پێویست ئەم کەسە نەتەوەیی و نیشتمانیەیان نەناسیوە، زۆرجار کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی هیندێک کەس ولایەنی کوردی یەوە، بە کۆمارێکی ناوچە یی

و بچووک ناودەبرێت. بیرلەوە ناکرێتەوە کە 60 ساڵ پێش بۆ گەلێکی بێ ئیمکان وبێ پشتیوان، ئاسان نەبووە کە بتوانرێت خێرا خۆی بگەیەنێتە هەموو ناوچەکانی کوردستان.
ئەگەر بە چاوێکی مێژووی و ژیرانەوە بڕوانینە ئەو دەستکەوتە مێژوویانەی کۆمار، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆماری کوردستان و جەنابی پێشەوای سەرۆک کۆمار دەستکەوتی زۆر نیشتمانی و پڕلە شانازیان بۆ کورد تۆمار کردوە. بۆیە زۆر پێویستە کە گەلی کورد هەموو ساڵێک و بەو پەڕی شانازی یەوە ساڵیادی بکاتەوە.
جەنابی پێشەوا وەک سەرۆک کۆمارێکی نەتەوەیی باوەڕی زۆری بە یەکێتی وتەبایی نێوان کوردەکان هەبووە، نموونەی هەرە بەرچاو گرنگی دانی زۆر بە بە شداری بارزانی یەکان لە کۆماری کوردستان و
هەڵبژاردنی جەنابی موستەفا بارزانی بە سەرلەشکری کوردستانە.
زۆر پێویستە کە ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باش بیرلەوە بکەینەوە کە سەرقافڵەی کاروانی شەهیدانمان پێشەوای قازی محەمەد و هاوبیرانی، 60 ساڵ پێش هەڵگری بیری سەربەخۆیی خوازی و دروستکەری دەوڵەتی کوردی بوون. بەڵام مخابن دوای 60 ساڵ کە بە سەر دروستبوونی یەکەمین کۆماری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێ هێشتا دەوترێ کاتی ئەوە نەهاتووە کە کورد داوای سەربەخۆیی بکات.
پارتی سەربەستیی کوردستان، بەو پەڕی شانازی یەوە ڕۆژی 10 خاکەلێوە بە ڕۆژی شەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی نەتەوەیی دەزانێ. هەموو ساڵێک لە ڕۆژی دەی خاکەلێوەدا بەڵێن لەگەڵ شەهیدانی هەرگیز نەمری کوماری کوردستان نوێ دەکەیەنەوە، کە تا کاتێک ئاڵای کوردستان لە ئاهەنگی سەربەخۆیی، لە مەیدانی چوارچرا هەڵنەکرێت، واز لە ڕێبازی سەربەخۆیی ناهێنین.

پارتی سەربەستیی کوردستان
10ی خاکەلێوەی 2706 کوردی